# ڕەفیق پشتدەری پڕبەپێستی هاوکارانێتی . . . جەمال فەتاح

سێ ڕۆژ پێش ئێستا لە سایتی ئیتڵاعاتپۆستدا بە ناوێکی گومانلێکراو وخوازراو بوایە گفتوگۆیان لەگەل جاسوسێکی نێودەوڵەتی بەناوی ڕەفیق پشدەری کردووە، تاکومن هندێک وردەکاریم لەسەر ڕابردووی ئەوجاسوسە نێودەوڵەتیە کۆکردەوە چونکە بەڕاستی لەبەر بودەڵەیی نەم ئەناسی جەنابی کاک خالید نورەدینی دەست پێشخەری کردبوو وەڵامێکی تێروبەپێزی بەو جاسوسە نێودەوڵەتیەداوەتەوە کەمن بەنۆبەی خۆم سوپاسی کاک خالید ئەکەم چونکەئەرکی سەرشانی منی سوک کرد وەهیوادارم کاک خالید نمونەی زۆربێتوبەردەوام بێت لەنوسین وهیوای سەرکەوتنی بۆئەخوازم، .

دیارە لەدوای ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان ئازادی کورد لەباشوری کوردستاندا بەجۆرێک بوو کەجاشو جاسوسو خۆفرۆشان وابەخشران کەنەک تەنها ژیانیان پارێزراوبوو بەڵکو هەندێکیان کەڵکیان لەوئازادیە ڕەهای کوردستان وەرگرتوو هەم لەسەر پیشەی خۆفرۆشی خۆیان بەردەوام بوون وهەم لەخانەی تاوانکاریدا بەرانبەر بەکێشەی ڕەوای گەلەکەمان وسەرکردایەتیە بەوەفاکەی بەردەوام بوون هەندێک بەنوسین وهەندێک لەمەیدان، یەکێک لەوکەسە خۆفرۆشو جاسوسە نێودەوڵەتیە هەمیشەیی یە ڕەفیق پشدەری تاونبار بوو، دیموکراسی وئازادیە کە لەکوردستاندا بەجۆرێک بەبێ کۆنترۆڵە کە بووەتە لیبراڵ دیموکراسی کاتێک دیموکراسی لەهەر وڵاتێکدا بووە لیبراڵ دیموکراسی ئەوکاتە بەرەڵایی وبێسەرەوبەرەیی یەکی ئەوتۆ دروست ئەبێت کە زۆرجار تاوانبارو خۆفرۆشانیش ئەتوانن بەدەمی لوس خۆیان پاک بکەنەوەولەهەمان کاتیشدا دژایەتی هەمیشەیی خۆیان بۆشۆڕش ولایەن وکەسایەتیە نیشتمان پەروەرو شۆڕشگێڕەکانی وڵات چەند پات بکەنەوە، ئەمەش بەتایبەتی لەجیهانی سێیەمدا کەکۆمەڵگاکەی هێشتا فرە لەپاشەو لەبەر سادەیی جەماوەرەکەیان بەئاسانی کەسە خۆفرۆشەکان تاوانەکانیان بەسەریاندا تێئەپەڕێت وئەتوانن دەم لەکوێخایەتی بکوتن وزۆرجار بگەنە پلەوپایەی بەرزی ئیداریو سەربازی وهتد. . دەناکەسێکی خۆفرۆشی وەک ڕەفیق پشدەری کەجگەلە جاسوسی بۆهەرچوار ڕژێمەداگیرکەرەکەی کوردستان جاسوسی هەرەباوەڕپێکراوی ئیسرائیلە سەدام لەسەر گومان لێکراوی جاسوسی کردن بۆئیسرائیل گرتی وکردیە زیندان نەک لەسەر ئەوکۆمەڵە درۆیە کەخۆی بۆخۆی ڕیزکردووە، هەرلەڕژێمی قاسمەوە جاسوسی بۆکردوون بەڕیز هەتا ئەگاتە عارفیەکان وبەعسیەکان هەتا ساڵی 2003 بەدرێژایی چلوحەوت ساڵ جاسوسی بۆڕژێمەیەک لەدوایەکانی عێراق کردووە سیو پێنج ساڵی ڕەبەق جاسوسی بۆ بەعس وسەدامی خوێن ڕێژکردووە کاتێک ڕەفیق پشدەری جاشیەتی وجاسوسی ئەکرد بەدەیان وسەدان ڕۆڵەی تێکۆشەریکورد لەسەر ئەوەئیعدام ئەکران پێیان شەرم بوو لەزیندانەکاندا لەژێر دارو شەلاقی بەعسیە کورد کوژەکاندا بەگوێی بەعسیە فاشیستەکان بکەن وتەنهاوتەیەکی ناشیرن بەپێشەوا بارزانی نەمر بڵێن یان تفێک لەوێنەکەی بکەن، کەچی ئێستا ڕەفیق پشدەری زۆر بێشەرمانە لەکاتێکدا ئەوئازادیەی کوردستان لەسەرخوێنی ئەوهەزاران لاوەوخەباتی بێوچانی بارزانی نەمر دروست بووە کەڕەفیقی تێدا بەخشراوەکەچی رەفیق ورەفیقەکانی ترلەباتی کەڵک لەهەڵەکانی ڕابدوویان وەربگرن کەچی تائەبێت چاڵی تاوانباری وخیانەتی خۆیان قوڵتر ئەکەن بەرانبەر بەکوردو شۆڕش وسەرۆک مستەفابارزانی نەمر، یان ڕەفیق پشدەری لەسایتی ئیتڵاعاتپۆست دا وای کاوێژ ئەکات کەبوایە دەعوای لەئاسایشی سلێمانی لەسەر سەرۆک مەسعود بارزانی قەید کردووە

بوایە بەدەستی ئەوان نارنجۆک خراوەتە ماڵیان لەکاتێکدا بەدەست کیسەی خۆی وەک سیناروێۆیەک خوشکەزاکەی نارنجۆکی هەڵدایە حەوشە چۆڵەکەی ڕەفیق پشدەری کەپێشتر لەلایەنخۆیەوە نەخشەی بۆکێشرابووهەر لەبەر ئەوەی سیناریۆیەک ئامادەبکات بۆکێستەکەی کەبەنیازە هەڵبێت بۆدەرەوەی کوردستان و ئەوسیناریۆیە بکات بەکێستێک بۆوەرگرتنی پەنابەری بەڵام ئەوبەڕوەی ڕەفیق پشدەری خواردوویەتی توێکڵەکەی لەباخەڵی ڕۆشنبیرانی کورد دایە تۆ ئەبێت دادگایی بکرێیت لەبەردەمی دادگای گەلدا ئامادەبیت وەڵام گۆی گشت ئەوجاشیەتی وجاسوسی وتاوانانەبیت کەبەدرێژایی مێژوی ڕەشی چلوحەوت ساڵی تەمەنی پڕلە خیانەتت کردووتە بەررانبەر بەگەلو نیشتمان وەدەیان ڕۆشنبیری کورد بەبەڵگەوە لەسەرت گواهی ئەدەن چۆن دێلن تۆی تاوان بار لەئەوروپا ببیتە پەنابەر ئەمانە خەونی حوشترە کەتۆئەیان بینیت یان تۆی جاسوسی نێودەوڵەتی لەکاتێکدا عومری پیرە. . . . . . تان ماوە کێبیر لەکوشتنی تۆی خۆفرۆش ئەکاتەوە دڵنیابە کەس تۆناکوژێت چوونکە تۆیەک بەدرێژایی 47 ساڵ جاسوسی نێودەوڵەتی بیت ودوای دەرکردنی لێبوردن بۆت هەر بەردەوام بوویت لەسەری ئیتر نۆرەی پیشاندانی ڕووی ڕاستی تۆیە بۆجەماوەری کوردستان ودادگایی کردنت نەک هەڵهاتن لەڕاستی، .

سایتی ئیتڵاعاتپۆست وەک هەنگیان لەگوێزدا دۆزیبێتەوە جاسوسێکی نێودەوڵەتی وهەردەم خۆفرۆشێکی وەک ڕەفیق پشدەریان هێناوەتە سەرشاشە جا پێشینانی کورد ئەڵێت شەق لەمەنجەڵ هەڵدە سەرقاپی خۆی ئەدۆزێتەوە دیارە سایتی گومان لێکراوی ئیتڵاعاتپۆست لەگەل ڕەفیق پشدەری خائین قاپوسەرقاپی یەکن وا وەک لەئاوکەوتوان لەبەرمەرگ دەست بۆپوش ئەبەن تاکو خۆیانی پێوە بەنبکەن، دەناکەسێک بەدرێژایی تەمەنی تاکەڕۆژێک لەخانەی نیشتمان پەروەریدا نەبووبێت نەک لەخانەی نیشتمان پەروەریدا نەبووبێت بەڵکولەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووە وە جاشو جاسوسی نێودەوڵەتی بێت وخیانتی نەتەوەیی ونیشتمانی بکات شایەنی ئەوەیە نەفرەتی لێبکرێت وبەر سزای گەلو نیشتمان بکەوێت یان ڕێزی لێبگیرێت؟دیارە بەهەر پێوەرێکی شۆڕشگێڕی کەسانی تاوانبارو جاشوجاسوس هەردەم بەر نەفرەتی گەل ئەکەوێت بەڵام وەک قەدری زێڕ لای زەڕنگەرەوقەدری شۆشگێڕ ونیشتمان پەروەر لەلای نیشتمان پەروەرە هەڵبەت قەدری جاشوجاسوسیش لەلای جاشوجاسوسە بۆیە سایتی ئیتڵاعاتپۆست بەشوێن هاوڕێ وهاودەوریە دێرینەکانی خۆیاندا ئەگەڕێن وئەیان دۆزنەوەوئەیان خەنە سەر شاشەی پڕلەگومانی ئیگڵاعاتپۆست، . دەناسەرۆک مستەفا بارزانی نەمر تاکەپێشەوای نەبەزو بوێرو دڵسۆزی کوردە لەماوەی درێژایی یەک سەدەدا بۆیە بووەتە سونبلو سەرکردەی بەئەمەکی نەتەوەکەمان وڕۆڵەکانی کورد پەیوەندی ڕۆحیان لەگەل بارزانی نەمرداهەیەو گەیشتووەتە ئاستی پەرستن بۆیان، بارزانی بووەتە چرایەکومەشخەڵێک تاهەتایەوهەتامێژولەخولە کوژانەوەی نیە، خەباتی بارزانی بۆکورد بووەتە چیاو دڵسۆزی بارزانی بۆکورد بووەتە دەریا، بوێری بارزانی بۆکورد لە لوتکە دایەو گەورەیی بارزانی بۆکورد قەدپاڵی چیایە، ئێوەی دەبەنگو کورتەباڵا لەئاستی گەوەرەیی کێوی بارزانیدا بەگەردیلەیەکی بۆگەنو زیانبەخش ئەچن کەبە مایکرۆسکۆبیش نایەنەدیتن ئێوە خائینو پاتاڵی وەک خۆتان لەدەوری خۆتان کۆئەکەنەوە کەنەک خێری بۆتان نیە بەڵکوهەردەم پڕبووەلەبەکتریاومیکرۆب بۆنەتەوەکەمان بەگشتی، . بۆیە لەکۆتاییدا ئەڵێم.

بارزانی ئەی بانگی ئازادی
ئەیڕەوشتی گشت مافخوازی
ئەیپەروەری مافپەروەران

ئەیسەروەری گشت سەروەران
لەکوردستانی گیانبازی
لەباتی ڕێزوشانازی
لەجێی سەگوتولەی بەڕی
جاشوجاسوس پێت ئەوەڕی
لەکۆتاییدا ئەڵێم مردن وسەرشۆڕی ونەمان بۆگشت جاشوجاسوسخۆفرۆشانی کوردوکوردستان..
جمال فتاح
2005/9/16